لەسەر داواکاریی من زەحمەت دەکێشێت و لەم بەشە بەدواوە یارمەتی کارەکە دەدات، سپاسی زۆری ئەویش دەکەم.

**تێبینی ۲:** دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە، کاک فارووق ئێلخانیزادە پەیوەندی پێوە گرتم و دوو هەڵە و ناتەواوییەکی خستە بەرچاوم کە دوانیان لەم بەشە و یەکیان لەبەشەکانی پێشوودا ڕووی دابوو. هەرسێ ڕەخنەکان لە شوێنی خۆیاندا بوون و بۆ ئەو یارمەتییە سپاسی زۆری کاک فارووق دەکەم. هیوادارم ئەو ووردی و دیققەتەیم لێ دریغ نەکات و هەڵەکانی دیکەشم ڕاست بکاتەوە. گرنگ ئەوەیە هەواڵی ناڕاست بە خوێنەر نەدرێت جا ئەگەر من قەڵەمم هەڵخلیسکا و شتێکم گوت کە لەشوێنی خۆیدا نەبوو، با ئەو و هەر خوێنەرێکی دیکە پێش بە کەوتنم بگرن و ساغم بکەنەوە. من بەوپەڕی پێزانی و سپاسەوە بەرەوپیری هەموویان دەچم. سپاس کاک فارووقی بەڕێزیش دەکەم.

هەڵەی یەکەمی ئەم بەشە لە ڕاگەیاندنی ناوی بەرگدرووەکاندا ڕووی دابوو کاتێ من ناوی کاک تاهیر ئاسەفم بە هەڵە بە کاک عەلی ئاسەف نووسیبوو و ئێستا ساغم کردۆتەوە. ناتەواوییەکەش ئەوە بوو ناوی کاک عەلی نەورۆز و "خیاطی مد آمریک" م لە نێو ئەو کەسانەدا نەنووسیبوو وا لە بۆکان کۆت و شەڵوار (قات) تان دەدروو؛ ئەویشم ئێستا لەو بەشە زیاد کردووە.

هەڵەی سێهەم لە پەیوەندی ناوی کاک سادق کامەلاییدا بوو کە لە بەشی کەرەسەی کارەبا (بەرق) لە زنجیرەی پێشوودا نووسیبووم و گوتبووم جوانەمەرگ بووە. کاک فارووق پێی ڕاگەیاندم کە کاک سادق ژن و منداڵ و تەنانەت نەوەی هەبووە و بەم پێیە، ناکرێت بە جوانەمەرگ ناوببرێت. من ئەوەشم لەشوێنی خۆیدا ڕاست کردۆتەوە و دواتر لەسەر ماڵپەڕەکە دەیگۆڕم.

**درێژەی هەیە**